# ئەوروپا

**سەردار عەزیز**



کارن باڵای بەرزە. ئەوە حەوت ساڵە شارە بچکۆلەکەی خۆیانی لە باشوری فەرەنسا بەجێهێشتوە. لێرە لە خانویەکی بچکۆلە کە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە لە قەراخ شار لە نزیک دەریا بە تەنها ئەژی. خانوەکەی کارن رەنگی سپیە و زۆر لەو رێگا گشتیەوە نزیکە کە دەچێت بۆ بەندەرەکە. بەڵام بەندەرەکە لە شارۆچکەیەکی خنجیلانەی ترە کە ئەوەندە دوور نیە. لەوێ ساڵانێکی زۆر لەمەوپێش کاتێ ئەم وولاتە (ئایرەلەندا) لە ژێرپێی پۆستاڵەکانی سەربازە ئینگلیزە داگیرکەرەکانا ئەیناڵاند، لەو بەندەرەوە لە کەشتیە هەرە بەناوبانگەکەی دونیاوە، تایتانەک، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێکار و برسی ئەم دورگەیەیان بۆیەکجاری بەرەو ئەمریکا بەجێهێشت.

کارن بە ویقارە، لێرە مامۆستای زمانی فەرەنسیە. قژێ رەش و روومەتێکی دڵگیری هەیە. من کارن لە رێی هاوسەرەکەمەوە ئەناسم، ئەوان هاورێن. ئێمە سەردانی یەکتر ئەکەین جار جاریش پێکەوە لە سەیارە بچکۆلەکەی کارندا بە تایبەت رۆژانی یەکشەمە ئەرۆین بۆ شاخ بۆ پیاسەکردن. بەڵام سەرەرای هەموو ئەمە کارن خەمبارە. هێندە خەمبارە کە پێویستی بە سەردانی پزیشکی دەرونی هەیە. لە هەمانکاتدا کارن تەنیایە. هەرچەندە ئەوە چەندساڵێکە پەیوەندی لەگەڵ کورێکی ئیتالیدا هەیە بەڵام ئەو پەیوەندیە جگە لە سوکایەتی و بێزاری هیچی تری پێنەبەخشیوە. ئیتالیەکان بە تایبەت رەگەزی نێرینە لە پەیوەندی خێزانیاندا هەتا بڵێی فاشیستن. (ئەو هەڵسوکەوتەی ئەم دواییەی سەرۆک وەزیرانی پێشوو بێرلسکۆنی، باشترین نموونەی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەیە. ژنەکەی بێرلسکۆنە ئەوەندە بێزاربوو لە دەست پیاوەکەی لە رۆژنامەیەکی ئیتالیدا نامەیەکی نارەزایی دژی بڵاوکردەوە ئەویش وەک هەموو پیاوێکی ژنانی عەیار بیستوچوار پۆزشی هێنایەوە).  هەتا ئێستا لە زۆربەی زۆری ماڵە ئیتالیەکانا ژن سەرەرای کارکردن لە دەرەوەی ماڵ لە گەرانەوەیا بۆ ماڵ دەبێ هەموو کارەکانی مەتبەخیش ئەنجامدات.

ئەم کەلتورە رەگی لە دابونەرێت و دونیابینی ئیتالیەکانا هەیە. ئیتالیا وولاتێکە کە دیموکراسیەت تیایا لاوازە. مێژووی ئیتالیا مێژووی سیستەمە توتالیتاریەکانە. کۆمەڵگای ئیتالی کۆمەڵگایەکە کە کڵێسا و خێزان بەتەواوی تیا زاڵە. ئەم دوو پێکهاتەیە جگە لە فاشیزم و مافیا هیچی تر بەرهەم ناهێنێ. بۆیە ئیتالیا تەناتەت مێژووی مۆدێرنیشی مێژووی توندرەوی و توتالیتاریزمە. من هاورێی ئیتالیم زۆرە. زۆرجاریش پێکەوە یاری دووگۆلی ئەکەین. ئەورۆژانەی کە لە نزیک زانکۆ یاریمان بکردایە، کچی جوانی نیمچە روتمان زۆرئەبینی کە لەوێ وەرزشیان ئەکرد. ئیتالیەکان بە بینینی ئەو نازدارانە هاواریان ئەکرد، فیکەیان لێئەدا. ئەم هەڵسوکەوتانە ئەگەرچی هەرزەکارانەن بەڵام رەگیان لە ناخی تاک و کۆمەڵگادا هەیە. هاوارکردن لە ئافرەت کە دیاریدەیەکە بە سەرجەم کۆمەڵگا باوکسالاریەکان ئاشنایە رەگی لە دونیابینیەکادا هەیە کە پانتاییەکانی دابەشکردوە.

لە کۆمەلگای باوکسالاریدا پانتاییە گشتیەکان یان دەرەوەی ماڵ پاوانکراوە بۆ نێر، بۆیە هەرکاتێ مێینەیەک دەرئەکەوێ دەبێتە مایەی تێکشانی رێتم و سیستەمەکان. نێر هاواری لێبەرزئەبێتەوە دەست ئەکاتە پەلەقاژە. دەیەوێ بڵێ: تۆ ئەی مێینە بە هاتنت بۆ پانتاییەکانی منی پیاو، منی نێر، تۆشی خرۆشانم ئەکەی. بە تایبەت ئەگەر بێتوو مێینە جوانیەکانی جەستەی پێشاندات. هەر ئەمەشە تەنها هۆکاری داپۆشینی ئافرەتە لە ئاین و کۆمەڵگای ئیسلامدا.

من و هاوسەرەکەم وامان پێباشبوو کە کارن پەیوەندی لە گەڵ کورەئیتالیەکەدا بپچڕێ، بەڵام ئاسان نەبوو بۆ ئیمە پێی بڵێین، بۆیە کاتێک دوکتۆرە دەرونیەکەی هەمانشتی پێگووت بۆئێمە مایەی خۆشحاڵی بوو. هەفتەی پێشوو کارن جەژی لەدایک بوونی بوو. ئێمە لەوێ داوەتکرابووین. من ئەو رۆژە زۆر سەرقاڵبووم و تا سەر ئێسقان ماندووبووم. کە گەشتین کۆمەڵێکی کەم خەڵک لەوێ بوون. لە ناوەندی ماڵەکەی کارندا کە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن کۆتج، قەنەفەیەکی گەورە هەیە هەرکە گەشتین من وەک پشیلە لە سەر قەنەفەکە بێدەنگ بێدەنگ لێی دانیشتم. هەموو ئەوانەی لەوێبوون ئافرت بوون. ئافرەت لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سیەکان. ئەو تەمەنەی کە لە کوردوستان پێیان دەڵێن قەیرە. کە تەماشایانم دەکرد لە هەڵسوکەوت و رووەمەتیانیا دیاربوو کە چەند ترسی تەنهایی و ژیانێکی بیمەحەبەت باڵی بەسەردا کێشاون. بیرم بۆ کۆمەڵگایی کوردی ئەچوو. لەم دوایەنەدا دیاریدەیەک سەریهەڵداوە کە مایەی سەرسورمانە. لە کۆمەڵگای کوردیا ئافرەتی قەیرە جێی بەزەییە، وەک کەسێک تەماشائەکرێت کە پێویستی بە یارمەتیە، خەریکە وایان لێدێت کەوەک کەم ئەندام مامەڵەیان لە گەلا بکرێت. (لەگەڵ رێزما بۆ مرۆڤی کەم ئەندام، کە بەلای منەوە بەهیچ شێوەیەک کەم نیە).

لە دوای شەستەکانەوە لەگەڵ گۆرانی کۆمەڵگاکانی ئەوروپا و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ئازادی ئافرەتان، گۆرانی سەرتاسەری بە سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا هاتووە. ئافرەت ئازادبووە. ئەم چەمکە هێندە ساد و ساکارنیە. بەتایبەت لەلایەن زۆربەی زۆری بزوتنەوەکانی دەرەوەی ئەوروپا وەها تەماشائەکرێت کە دیاریدەیەکی بێوێنەو سەرتاپا چاکەیە. یەکێک لەو قەیرانانەی کە ئازادی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی ئازادی ئارەزووە. ئەم دیاریدەیە کە فێمینستەکان وەک مافێک تەماشای ئەکەن، جگە لە مرۆڤ خستنی ئافرەت هیچی تر نیە. لە رۆژگاری سەرهەڵدانی ئازادی ئارزووەوە ئافرەت هەرزانترین کالاّیا لە کۆمەلگا ئەوروپیەکاندا. وە ئەو بەشەی کۆمەڵگایە کە زۆرترین سوکایەتی و ئازارەکانی ئەم دیاریدەیە ئەچێژێ. بۆیە فیمینیزم لە قەیراندایە.

ئازاری ئەم دیاریدەیە بە تایبەت لەلای ئەو ئافرەتانە دیارە کە دەیانەوێ وەک مرۆڤ بژین. ئێمە هاورێ لەو جۆرەمان زۆرە. ئافرەتی جوان، خاوەن بروانامەی بەرز، ماستەر، دوکتۆرا، کاری چاک بەڵام ژیانێکی پڕ لە ژان. کەسێکی تر کە وەک نموونە باسی ئەکەم یودد هۆفمانە. ئەم کچە کە پار ئێمە پێکەوە لە موحافەزە کارمان ئەکرد. هاورێی خێزانی ئێمەیە. خاوەنی دوو بروانامەی ماستەرە. کەچی پاش شەش ساڵ پەیوەندی لە گەڵ کورێکی سکۆتلەندیدا کورەکە خیانەتی لێکردوو بەجێیهێشت. لەوەتەی یودد دەیەوێ بە تەنها بژی لە هەمانکاتدا نایەوێ بە تەنها بژی.

نەک تەنها ئافرەت بەڵکو هەر رەگەزێ بیەوێ مرۆڤانە بژی، لە ئەوروپا ژیانی مرۆڤانە سەختە. چەمکی بازار یەکێکە لە هەرە زاڵترین یان تەنها چەمک کە باڵی بەسەر هەموو بوارەکاندا کێشاوە. لە فەلسەفەی بازاردا بوار نیە بۆ سەربەخۆیی. تۆ وەک تاکێک دەبی هەمیشە لە مشوری ئەوەدابی لە کریارت هەبێ. دەبێ لاوبیت، قۆزبیت، هەموو پێداویستیەکانت تیابێت کە ئەوانی تر بۆی ئەگەرێن. کارکردن، پێشبرکێ، سەرکەوتن، دەوڵەمەندی، شوهرەت، هەموو ئەمانە فشاریان دروستکردوە لەسەر تاک. ئەوەی پێی دەڵێن تاکی سەربەخۆ و ئازاد جگە لە تراویلکە یان لە راستیا درۆ هیچی تر نیە.

ئەم قەیرانانە ئێستا وا خەریکە دەبیتە مایەی فەلسەفە، جان کلۆد نانسی فەیلەسوفێکی فەرەنسیە لەم دوایەدا کتێبێکی نووسیوە لە ژێرناوی (تاکی کۆ)، کە چەند هەفتەیەک لەمەوپێش من و کێرستین، کە کچێکی نەمساویە، پێکەوە رۆشتین بۆ کۆرێک دەربارەی ئەم دوا کتێبەی ئەم فەیلەسوفە، کە لەلایەن کۆلێژی فەلسەفەوە ئامادەکرابوو. کێرستین کیژۆڵەیەکی تری خەمبارە، هەرچەندە تا ئەوپەری جوانەو هەرئەم ساڵ بروانامەی دوکتۆراکەی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا لە بەریتانیا وەرگرت و ئێستا مامۆستای زانکۆیە، بەڵام دڵتەنگانە بەتەنها ئەژی. بەلای هەندێک لە ئەدیبان و فەیلەسوفان، دارن بوون لە مانا و

تەنیابوون و خەمباری بەشێکی دانەبراوی سیستەمی سەرمایەدارییە. کەسی دڵخۆش، کەسی بروا بەخۆبوو، کەسی خاوەن مەعریفە، کەسێکی باش نیە بۆ کەپیتالیزم. کەسی لەو جۆرە، زۆرشت ناکڕێ، زۆرناچێتە بازار، بە شتومەک دڵخۆش نابێ.

پێکهاتەیەکی تری کۆمەڵگا کە وەک ئافرەت مامەڵەیان لەگەڵا ئەکرێت بیانیانن. هەرچەندە بیانی زۆر لەئافرەت کەمتر تەماشائەکرێت گرنگ نیە هەر رەگەزێک بێت. بۆیە کاتێک لە شەقامە ساردەکانی وولاتانی رۆژئاوا دەبینی ژنێ قەڵەو کوڕێ بیانی بیانی دەستیان خستوەتە ناو دەستی یەک و پیاسەئەکەن، لە هەڵسوکەوتوو رواڵەتیانا شەپۆلێک لە نارەزایی دەبینرێت. پێکەوە رێکردنی ئەوان لە شوێنە گشتیەکانا ناردنی مەسجێکە کە چەندین دەلالەتی جودای هەیە. ژنەکە لەبەر شێوازی لەشی کە قەڵەوە لە لایەن کۆمەڵگاوە پەراوێزخراوە، پیاوەکەش چونکە بیانیە پەراوێزخراوە. کەواتە پەراوێزخراوانی دونیا بەبێ گوێدان بە ئاین و دابونەرێت و شێواز یەکدەگرن، نەک لەبەرئەوەی لە نێوانیاندا مەحەبەت هەیە بەڵکو رێگاچارەی تریان نیە. ئافرەتە قەڵەوەکان لە ئەوروپا هێندە بیانیەکی کورد یان ئەفریقی بەکۆمەڵگا نامۆیە.

پۆلێنکردن، بەشێکی دانەبراوی سیستەمی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانە لە ئەوروپا. خۆجوداکردنەوە، بەشێکە لە ناسنامە. هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتیش کۆمەڵێک وێنە و بیرورا و فۆرمی لەلایەن ئەوانی ترەوە بۆ دارێژراوە، بۆیە کەسەکان خاوەنی پێناسەی خۆیان نین، کەسەکان بەپێی توانای ئابووری، کەلتوری هەندێ شتی تر لەلایەن ئەوانی ترەوە پێناسەئەکرێن. ژیان لە پەراوێزدا ئاسان نیە. ئێستا کە بارووودۆخی پەنابەری هەتا دێت بەرەو خراپی ئەچێت، بیانیەکان بە شێوازێکی وورد و دارێژراو و سیستەماتیزە رۆحیان تێک ئەشکێنرێت. من رۆژانە بەهۆی کاری وەرگێرانمەوە لە گەڵ وەزارەتی عەدل دەیانبینم و مامەڵەیان لەگەڵا ئەکەم.

ئەوروپا ئەو سەرزەمینە نیە کە ئامادەباش بێت بۆ ئەوەی هەرکەسێک هات بەئاسانی بتوانێ خۆی تیا بونیادنێت. ئەمە مانای ئەوە نیە هەموو دەرگاکان داخراوە. هەرچەندە هەموو دەرگاکان لە راستیا داخراون بەڵام پێویستیان بە کلیلی تایبەت هەیە بۆ چونە ژوورەوە لێیان. ئەو کلیلانە بە ئاسانی دەستناکەون. هەر ئەمە وەها ئەکات کە وەرگەرانێک لە وێنەو خەونەکاندا رووبدات، کە لە رووداوێکی کودەتا ئامێزئەچێت. منداڵی کورد لە کوردوستان پڕە لە وێنەی گەشی ئەوروپا، لەگەڵ گەشتنیا دەیانگۆڕێ بۆ کوردوستان. ئیتر ئەو نە خەڵکی ئێرەیەو نە خەڵکی ئەوێ، لە هەمانکاتدا خەڵکی هەردوو شوێنەکەیە بەبێ ئەوەی خەڵکی هیچ شوێنێک بێت. رەنگ ببێتە خاوەنی شوێنی سێهەم.

بەپێی عەقڵی ئەوروپی مرۆڤی هەژار مرۆڤێکی بێ ئەخلاقە. چونکە لای ئەوان هەژار ئەو کەسەیە کە خەمی خۆی ناخوات، تەمەڵە، بێئاگایە، بۆیە لە دەرئەنجامدا تەنها زیانی بۆخۆی نیە بەڵکو زیانی بۆ هەموان هەیە. ئەم دیاریدەیە بە تایبەت لە ئەمریکا زەقە. لەبەرامبەردا دەوڵەمەند ئەو کەسەیە کە خەمی خۆی و خەمی کۆمەڵگاش دەخوات، بۆیە هەمیشە کەسی دەوڵەمەند کەسێکی چاکە.

لە هەمانکاتدا کەسە دەوڵەمەندەکان، کەسی خاوەن کەسایەتی پووچن. لە هەموان زیاتر کێشەیان هەیە، لە هەموان زیاتر دەچنە لای دوکتۆری دەروونی، لەهەمانکاتدا لە هەموان زیاتر هەست بەبێمانایی و بێزاری ئەکەن.

دەوڵەمەند بوون لە گەڵ خۆیدا کۆمەڵێک دەردوو نەخۆشی ئەهێنێ. کەسی دەوڵەمەند دەیەوێ ناسراوبێت، دەیەوێ جوان بێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتانە بە کاری ساویلکەو بێزارکەر هەڵئەستێ. هێندە پارە لە خۆرازاندنەوە و خۆجوانکردندا بەفیرۆئەدرێت بەشی بنبرکردنی هەژاری ئەکات لە دونیادا. بۆیە سادەیە، خۆکوشتن دەبێتە کارێکی هاکەزایی، بەکارهێنانی موخەدەرات و خواردنەوەی زۆری کحول و گەران بەدوای تاوان فەتازیادا، کارێ رۆژانەی کۆمەڵگاکانی ئەوروپان.

له جادەكانی ئەوروپا له هەموو جێگایه زیاتر ئافرەت شەوانه لاقه ئەكرێت. سەرتاپای ئەمانه جێگایەک نەماوه بۆی بڕۆی. قەشەی كلێسان زۆربەیان منالباز دەرچوون، خێزانەكان هەرزوو هەلوەشانەوه، نەخۆشخانه دەرونیەكان تەنها حەپت ئەدەنێ. بۆیه كه له ڕۆژهەلاتەوه دێیت و باسی مەحەبەت ئەكەی به زەردەخەنەوه تێت ئەنوارن و بەزەییان به گێلیتیدا دێتەوه. بەلام هەركه بۆیان دەركەوت ئەوەی تۆ دەیلێی راستیه ئیتر ئەتپەرستن. له ڕۆژئاوا هەتا ڕۆژهەلاتی بیت جوانتری، وەک چۆن له ڕۆژهەلات هەتا ڕۆژئاوایی بیت جوانتریت. ئەم هاوكێشەیه بوته مایەی دەردەسەری بۆ توێژێكی بەربلاوی رەوەندی كورد له هەندەران.

كەسێكی كوردی هاورێم كه ئەوروپای یەكجاری بەجێهێشت بۆ ئوستراليا، بەدەست ئەم دەردوه دەینالاند. ئەو كەسێكی خاوەن بڕوانامەی بەرزو شارەزا له چەند زمانێكی ئەورووپیا. هەمیشه هەستی بۆ كەمی ئەكرد. نەفرەتی لەخۆی ئەكرد و حەزیئەكرد ئەورووپی بێت، بەلام كه هەرگیز وەک ئەورووپی مامەلەی لەگەلا نەئەكرا بۆیه هەمیشه تووشی خەم ئەبوو.

خوێنەری بەرێز بۆ هەر پێشنیار و راوبۆچون و رەخنەیەک ئەتوانی سەردانی بلۆگەكەم بكەیت،